
ئیسماعیل بێشکچی

### لەوەڵامی پرسیارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستاندا

# زانای کۆمەڵناسی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشکچی:

## *سەرچاوەی سەرەکیی کێشەی کورد لەساڵی 1920ەوە دەست پێدەکات

## *پێویستە کورد پێ لەسەر فیدرالیزم داگرێت و هەنگاو بۆ دواوە نەهاوێ

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی وەڵامەکان لەتورکییەوە:**
**فرات کەلەهکی - ئارام عەلی عەزیز**

**بەشی یەکەم**

**وەکو پێویستیەك بۆ قۆناغی ئێستای رەوشی کوردو باشوری کوردستان و عیراق و گۆڕانکارییەکانی کە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادان، پەیوەندیمان کرد بەسۆسیۆلۆگ ئیسماعیل بێشکچی.**

**بۆ ئەم مەبەستەش بەشی دیراساتی تورکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان بەڕێنمایی کاك فەرید ئەسەسەردی بەڕێوەبەری سەنتەر، هەندێك پرسیاری ئامادەکردو بەهاوکاری(A.Ozman) گەیاندییە دەستی بێشکچی.**

**هەرچەندە پرسیارەکان زۆربون و مامۆستا بێشکچی ماوەیەکی زۆرە نوسینی زۆریی نەداوەتە هیچ گۆڤارو بڵاوکراوەیەك، بەڵام زۆر خۆشحاڵ بوو بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەمان و بەسوپاسەوە لەماوەیەکی کورتدا وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

**هاوکات کاك(A.Ozman) ئەرکی نوسینی پێشەکیەکی تێروتەسەلی ناساندنی پرۆفیسۆر دکتۆر بێشکچی و بەرهەمەکانی بەرۆشنبیرانی باشوری کوردستان خستە ئەستۆی خۆی.**

*** بەڕێز بێشکچی ئێوە جێگایەکی گرنگ و بەنرختان لەلای رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی باشوری کوردستان هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بەتەواوی ناتناسین، بۆیە لەسەرەتادا دەمانەوێ بزانین فاکتەرە سەرەکیەکانی وایان لەئێوە کرد لێکۆڵینەوەو لێوردبونەوە لەسەر کورد بکەن چی بون، بۆچی نەتەوەیەکی دیکەت هەڵنەبژارد بۆ ئەو لێکۆڵینەوانە؟**

- من لەساڵانی(1960-1961) لەئەنقەرە خوێندکاری کۆلیجی زانستە سیاسیەکان بووم. ئەوکاتە خوێندکاران کە لەپۆلی سێیەمەوە دەچونە پۆلی چوارەم، وەکو پێویستییەکی بەدەستهێنانی بڕوانامە، هاوینان لەچوارچێوەی(خولی راهێنان)دا(staj) دەنێردران بۆ شارو پارێزگارەکان. ئەمەش دەتوانرێ بەدەستپێکی(کاری) قائمقامیەتی دابنرێت. لەهاوینی ساڵی(1961)دا من شاری ئەلازغم بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد بوو. لەگەڵ برادەرێکم کەخۆی خەڵکی ئەلازغ بوو، پێکەوە چوینە ئەلازغ و نزیکەی 4 مانگ لەمەرکەزی ئەلازغ و قەزاکانی کەبان، قەرەقۆچان، پالۆ، مادەن، باسکل و سڤریجە لەقائمقامیەتدا کارمان کرد.

بەمەبەست ئەلازغم هەڵبژاردبوو. لەوانەیە هۆکاری ئەو هەڵبژاردنەم ئەمە بێت: دوای کودەتای 27ی مایسی 1960 ناهاوسەنگی لەنێوان هەرێمەکانی تورکیادا، موڵکیەتی فراوانی زەوی، پاشدامانی رۆژهەڵات"55 ئاغاکە"، "عەشیرەت، شێخایەتی، دەزگاکانی وەکو ئاغاکانی زەوی"، "مەسەلەی رۆژهەڵات"، "تورکبونی کورد"...... هتد بابەتێك بون زۆر قسەو گفتوگۆی لەسەر دەکرا. لەراستیدا زۆر سەرنجی منیشیان راکێشا. لەم چوارچێوەیەدا بەسەرنجەوە لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکانم هەڵدەدایەوە، کەتیایاندا زوو زوو رێپۆرتاژ لەسەر"دەستکورتی و نەبونی لەرۆژهەڵات" بڵاو دەکرایەوەو وێنەی هەژاری و شپرزەیی تیادا بەدیدەکرا.

دەگوترا کەکێشەی سەرەکی پاشدامانی رۆژهەڵات، شێخایەتی و ئاغایەتیی زەوی و عەشیرەتگەرییە کە لەخۆیدا کۆیکردۆتەوە. سەرگومکردنی"55 ئاغاکە" بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی دەبینراو لەو باوەڕەدا بون کە سەرگومکردنی"55 ئاغاکە"، تا ئاستێکی بەرز کێشەی رۆژهەڵات چارەسەر دەکات. لەرۆژنامەکاندا باس لەوە دەکرا"ئەوانەی کەپێیان دەگوترێ کوردو ئەوانەی کەدەڵێن کوردین لەراستیدا تورکن و درێژەپێدانی ئەو تورکانەن کە بەکۆچبەری لەئاسیای ناوەڕاستەوە هاتون"، هاوکات باس لەوە دەکرا زمانێك بەناوی زمانی کوردی نییەو لەئەسڵدا تورکیە. پرۆفیسۆر، رۆژنامەوان، دادگەران، مامۆستایان و ئەندامانی پارتە سیاسییەکان... هتد زۆر هەوڵیان دەدا بیسەلێنن کە کورد تورکە.

خۆی لەخۆیدا دیتنی هەموو ئەو مەسەلەو پەیوەندیانە جۆش و خرۆشێکی دیکە بوو. بۆیە لەو بڕوایەدام هەڵبژاردنم بۆ شاری ئەلازغ و نەك شارێکی دیکەی

## *سووربوونی کورد لەسەر فیدرالیزم و کەرکوك پێشکەوتنێکی گرنگ و پێویستە

رۆژئاوا لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. لەکاتی پراکتیککردنی بەرنامەی(Staj)مدا لەئەلازغ و دەورروبەری، چاودێرو هەڵسەنگاندنەکانمان ئەمانە بون: لادێییەکان بۆ کەبەدواداچونی ئیشوکارەکانی لای دەوڵەتیان دەهاتن بۆ نوسینگەکانی حکومەت و لەرێگای وەرگێڕەوە کێشەو گرفتەکانیان بەقائمقامەکان رادەگەیاند، یان قائمقامەکان وەرگێڕیان بەکار دەهێنا. وەرگێڕەکانیش ئەو کەسانە بون کەوەکو پاککەرەوەو چایچی و پاسەوانی بەر دەرگا کاریان دەکرد. ئەمانە رەوشێك بون کەزوو زوو لەقەزاکانی کەبان، قەرەقۆچان و پالو روو بەڕووم دەبونەوە. ئەوکاتە لەدەورروبەری ئەلازغ خوێندنگا سەرەتاییەکانی کەهەم جێگای خوێندن و هەم جێگای نوستنی خوێندکاران بون تازە دروست دەکران، بۆ نمونە لەساڵی 1961،(خوێندنگای خوێندن و نوستن)ی قەرەقۆچان تازە بناغەی دادەنرا. لەقەزاکان(قەربوت، کابان، قەرەقۆچان)ی سەر بە ئەلازغ بینم کەهەندێك لەخێزانەکان باسیان لەهەبونی خزم و کەس و کاریان لەئەمریکاو گۆڕینەوەی نامە لەنێوانیاندا دەکرد. چەند کەسێکیش هەندێك لەم نامانەیان بەکەسانی دیکە نیشان دابوو. دوای ساڵانێك گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەئەو خێزانانەی بۆ ئەمریکا کۆچیان کردبوو، ئەرمەنین.

ئەو راستیانە پێچەوانەی ئەو دیدو بۆچونانە ئاشکرا دەکەن کەدەڵێن ئەسڵی کورد تورکەو زمانێك نییە بەناوی زمانی کوردی. لەسەرەوەش ئاماژەم پێدابوو کە لەهاوینی 1961دا (Staj)ی هاوینەم بینی بوو. لەکۆتایی پایزدا پێش هاتنی زستان بەماوەیەك (Staj)تەواو بوو، گەڕامەوە بۆ کۆلێج. هەوڵمدا لەنوسینەکانمدا بۆ مامۆستاکانم، تێڕوانین و سەرنجەکانم بخەمە روو بەتایبەتی مەسەلەی بەکارهێنانی وەرگێڕ لەنێوان قائمقامەکان و لادێ نشینەکاندا. ویستم لەگەڵ مامۆستاکان سەبارەت بەکوردو زمانی کوردی بدوێم. لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کەتوانیم قسەیان لەگەڵدا بکەم پێیان گوتم: ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارەو لەهەمانکاتدا بابەتێکی بێ سودەو ئەگەر سەرنجت بخەیتە سەر بابەتێکی دیکە باشترو بەسودتر دەبێت. لەم بارەیەوە بۆ شکاندنی تینوێتیی خۆم سەردانی کتێبخانەکانم کرد. وام هەست دەکرد پێویستە سەیری کتێب و ئەنسکلۆپیدیاکان بکەم بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڵام لەکتێب و ئەنسکلۆپیدیاکانیش بینیم باس لەتورك بوونی کورد دەکرێت.

دوای وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆم، بۆ ماوەیەکی کورت وەکو کارمەندی ژێر ئەزمون لەشاری چۆروم کارم کرد. مەئموری ستاژێکی ژێر قائمقامیەتیە، بەڵام بەر لەتەواوبونی(Staj) چوومە خزمەتی سەربازیی. دووبارە بەئارەزوی خۆم(بەتلیس)م هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی خزمەتی سەربازیم. لەوێدا لەهەوڵی ئەوەدا بوم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزمەوە کە لەچوارچێوەی(Staj)دا لەمێشکمدا دروست بوو بوون. کۆلیجم بەو بودجەیە(Burs) تەواوکرد کە لەوەزارەتی ناوخۆ وەرمگرتبوو. خزمەتی ئیلزامیم هەبوو، بۆیە هەرکە زانکۆم تەواوکرد، دەبوایە دەست بەخزمەتکردن بکەم. سریەی بەتلیس بوو، لەمانگەکانی بەهارو هاوین و پایزی ساڵی 1963 بۆ نزیکەی 5 مانگ لەگەڵ سریەکانی دیکەی بینگۆل، موش و ئەرجیش هاتبون پێکەوە لەناوچەکانی باشقالا، یوکسەکۆڤا (گەڤەر)و شەمدینلی(شەمزینان) کاری خۆیان دەکرد. منیش لەگەڵ ئەو سریەی لەبەتلیسەوە هاتبوو لەهەرێمەکانی باشقالا، یوکسەکۆڤا شەمدینلی و ئۆرەمار مامەوە. لەو فەرمانانەی کەبۆ سریەکان دەهات، دەگوترا: (ئەشقیاکان لەعیراقدا لەئامادەباشیی یاخی بوندان و سوپای عیراق تەنگاویان دەکات و ئەوانیش بۆ رزگاربون هەوڵی بەزاندنی سنور دەدەن، دەبێ لەو کاتانەدا لەسەر سنور دەستگیر بکرێن) دەگوترا ئەوەی کەسەرپەرشتیی ئەو یاخیبونە دەکات سەرۆك عەشیرەتێکی سەرگەردانە بەناوی مەلا مستەفا بارزانی، وا لێکدەدرایەوە کەئەو کەسە دەیەوێ حوکمێکی ئاینی و شەریعەتی بێنێتە ئاراوە، بۆیە سەرقاڵی ئامادەباشیی یاخیبونە، هەروەها لەفەرمانەکەدا هاتبوو"ئەگەر ئەو پیاوەتان لەهەر شوێنێکدا بینی ئەوە دەستگیری بکەن" وێنەشیان بڵاوکردبۆوە، ئەو وێنەیەی کەمەلا مستەفا بارزانی خەنجەرێکی لەبەر پشتێنە. هاوکات لەفەرمانەکەدا باس لەوە کرابوو هەر کەسێك مەلا مستەفا دەستگیر بکات خەڵاتی پارەی پێ دەدرێت.

رادیۆکانی عیراقیش هەواڵیان لەم بارەیەوە بڵاودەکردەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بڵاوکردنەوەی باس و خواسی ئەوەی کەکورد تورکن لەرۆژنامەو رادیۆکانی تورکیادا بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا رۆژنامەی جمهوریەت بەمانشێت بڵاویکردبۆوە کە: ((دواجار 21 کوردتچی دەستگیر کران) دوای ساڵانێك، لەساڵی 1971دا لەسەردەمی رەوشی ئاوارتەی دیاربەکر لەزیندانی دیاربەکردا لەگەڵ هەندێك لەو کەسانە پێکەوە ماینەوە.

لەمانگەکانی تەموزو ئاب لەلادێکانی(بەناڤك، زەرین، بەداڤ و روبارۆك)ی سەربە قەزای شەمدینلی مابومەوە، شەڕو پێکدادان لەنێوان کوردە بارزانیەکان و کوردەکانی لایەنگری حکومەت رویدابوو. حکومەتی عیراق کوردە سەر هەڵداوەکانی بۆردومان دەکرد بەفرۆکەو تۆپ و لەسنورەوە زۆر بەئاسانی دەبینراو گوێبیستی دەبویت. بارزانیەکان عەشیرەتی برادۆستیان کە سەرۆکەکەی شێخ رەشید بوو تەنگاو کردبوو، ئەوانیش لەلای(ماوان)ەوە پەنایان هێنابوو. کوردەکان لادێکانی یەکتریان دەسوتاند. منیش ئەرکی چاودێری و بەدواداچونی هەواڵەکانیان پێسپاردبووم. بۆیە زانیاریەکانم زۆر وترو فراوانتر بوون سەبارەت بەو دەورروبەرو مرۆڤ و مەسەلانە.

لەسەردەمی خزمەتی سەربازیمدا لەنێوان ساڵانی(1962-1964) هەوڵمدا زانیاریی راست لەسەر کوردو دەورروبەر بەدەست بێنم، بیریشم لەوە کردەوە کە بەچونەوە بۆ زانکۆ زانیارییەکانم فراوانترو پێشکەوتوتر دەبن. دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بۆ ماوەیەکی کورت لەقەزای(هۆزات)ی سەر بە(تونجەلی) وەکو مەئموری ژێر ئەزمون دەوامم کرد. لەکۆتایی ساڵی 1964 یش بەشداریی تاقیکردنەوەی(مامۆستای یاریدەدەر)م کرد لەبەشی سوسیۆلۆجیی زانکۆی ئەتاتورك لە(ئەرزرۆم). بەم شێوەیە چوومە ریزی زانکۆ. خزمەتی ئیلزامیشم لەوەزارەتی ناوخۆوە گواسترایەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەی میللی.

*** ئێوە ساڵانێکی زۆرە لەنووسین و کارەکانتاندا باس لەگرنگیی ئاخاوتن و نووسینی کوردی دەکەن، تەنانەت لەم بارەیەوە رەخنە لەپشتگوێ خستنی ئەم مەسەلەیە لەلای رێکخستنەکان کورد دەکەین. بەپێی بۆچونتان، زمان بۆچی ئەوەندە گرنگە، ئایا کاتێك کەکورد بەزمانێکی غەیرە کوردی سیاسەت دەکات چ کاریگەریەك لەسەر کورد دروست دەبێت؟**

- زمان توخمێکی هەرە گرنگە لەوەی کەنەتەوەیەك، بە(نەتەوە) ناو ببرێت. لەسەرووی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە نەتەوەیەك دەکاتە نەتەوەو لەنەتەوەیەکی دیکەی جیا دەکاتەوە، زمان دێت. ئاشکرایە کەزمان ئامرازێکی، گرنگی لەیەکگەیشتنە، لەمەسەلەی کوردیشدا گرنگیەکی لەرادەبەدەری هەیە، چونکە(زمان) لەساڵی 1922وە تورکیا سیاسەتێکی قوڵی تواندنەوەی لەبەرامبەر کورددا پەیڕەوکردوە، لەلایەك هەبونی کوردو زمانەکەی نکۆڵی لێ دەکرێت، لەلایەکی دیکەش بۆ لەناوبردنی بابەتێ کەپەیوەندیی بەزمان و کەلتورەکەیەوە هەیە هەموو شێوازێك دەگیرێتە بەر. هاوکات بەمەبەستی موتوربەکردنی بەکەلتوری تورکی و زمانی سەردەست کەتورکیەو تواندنەوەی زمان وکەلتوری کوردی هەموو توانایەك خراوەتە گەڕو هەموو شێوازێکیش گیراوەتە بەر. دەبینرێت کەسیاسەتی تواندنەوە لەهەندێك شوێندا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. بەتایبەتی لەناو چینی رۆشنبیراندا، ئەوانەی کەتوانای شیکردنەوەیان هەیە، ئەو راستیەیان باش لەناوا دەبینرێ. مەسەلەی کە من دەمەوێ باسی لێوە بکەم لەم خاڵەدا دەردەکەوێت. سەرەڕای زمان، سیستەمی سەردەستی دەوڵەت بەهاکانی سەردەست لەکەسایەتی و گروپ و تاقمەکاندا موتوربە دەکات. ئاخاوتن و نووسین بەزمانی تورکی بەدرێژاییی کات وا دەکات بەهاکانی کەپەیوەندییان بەسیستەمی سەردەست و کەلتوری سیاسی تورکەوە هەیە لەلاشعوری کوردەکاندا بچێنرێت. لەم بارەیەوە ئاماژە بەچەند نمونەیەك دەدەین. دەوڵەت و دام و دەزگاو نوسەرانی لایەنگری دەوڵەت دەیانەوێ بیرو بۆچون و چەمکێکی وەها بچێنن و بڵاو بکەنەوە: لەجیهاندا نزیکەی 6 هەزار زمان هەیە، هەڵیە هەر زمانێك لەوانە دەوڵەتێکی هەبێت، گەرەك ناکات هەر زمانێك دەوڵەتێکی هەبێت... ئەگەر وابێت ئەوە کورد گەرەك نییە دەوڵەتی هەبێت. کوردەکانیش بەماقولی پێشوازی لەم بیروبۆچونە دەکەن، چونکە خۆیان لەچوارچێوەی جەماوەرێکی گەورەی 6 هەزاریدا دەژمێرن. لەکاتێکدا پسپۆڕی هێژای زمان ئەمیر حەسەن پور زوو زوو باس لەوە دەکات و دان بەوەدا دەنێ کەزمانی کوردی یەکێکە لەو40 زمانەی کە لەجیهاندا خەڵکێکی زۆر(نزیکەی 20 ملیۆن کەس) قسەی پێ دەکات، بەڵام ئەوانەی کەبەردەوام بەتورکی قسەو نووسین دەکەن، ناگەنە ئاستی هەستپێکردنی ئەو شوێنەی کەزمانی کوردی لەناو زمانەکانی جیهاندا هەیەتی، چونکە زمانی کوردی لەچوارچێوەی 40 زمانی زۆر قسە پێکراوی جیهاندا نابینن، بەڵکو لەناو 6 هەزار زمانەکەدا سەیری دەکەن.

بۆ زمانێك کە300 کەس، 500 کەس، 3000 کەس و5000 کەس قسەی پێ دەکات پێکهاتەیەکی سیاسی وەکو دەوڵەت هەڵبەت پێویست ناکات، بەڵام بۆ

## *ناسیۆنالیزمی کورد هەڕەشە لەکەس ناکاو زیانی بۆ کەس نیە

ئەوەی مرۆڤ بگاتە ئاستی هەست پێکردنی جیاوازیی نێوان جەماوەرێکی بچوك و جەماوەرێکی گەورەی بەملیۆنان پێویستە بەو زمانە قسەو نووسین و حەشرو نەشر بکات.

بەردەوامی حەشرو نەشرکردن بەزمانی تورکی بەهاکانی سیستەمی سیاسی و کەلتوری سیاسیی تورکی لەمێشکی کوردەکاندا چاند. ئەمەش بەتێپەڕبونی کات ئەوەی کە لەلاشعوردا دروست بووە رۆژ بەرۆژ زیاتر رەوشی حەقیقەت بون دەگرێتە خۆی. چونکە بەکارهێنانی زمان تایبەتمەندی و کاریگەری بەم جۆرەشی هەیە.

کوردەکان زۆر بەئاسانی دەڵێن"دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردمان ناوێ، فیدراسیۆنمان ناوێ، سنور هەر لەخۆیەوە لەناو دەچێ... هتد"."هەروەها دەڵێن ئەمە بۆ کورد باش و گونجاو نییە". باس لەداخوازییە دیموکراتیەکانیان دەکەن. مەسەلەی نەمانی سنور جگە لەخۆ هەڵخەڵەتاندن هیچی دیکە نییە. بۆ نمونە: لەناوەڕاستی رۆژهەڵاتدا سنورەکانی کە لەبەرامبەر کورددا دانراون وەکو خۆیان ماونەتەوەو هەوڵی بەرزترکردن و ئەستور کردنیشی دەدرێ. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لەجیهاندا نزیکەی 25 دەوڵەتی سەربەخۆ هەبون(ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئیمپراتۆریەتی ئێرانی، چین، ژاپۆن، ئیمپراتۆریەتی روس، فەرەنسا، ئینگلترا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، پورتوگال، بەلجیکا، یۆنان، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەرازیل، ئەرجەنتین، مەکسیك،... هتد" ئەمرۆ دەبینین ئەم ژمارەیە گەیشتۆتە 204.

لەئۆلۆمپیادی 2004ی ئەسینا(204) دەوڵەت بەشدار بوو. ئایا سنورەکان نەمان، یان تازە بەتازە سنور دانران.

لەناو ئەم(204) دەوڵەتە سەربەخۆیەدا زۆر دەوڵەت هەن کەژمارەی دانیشتوانیان لەملیۆنێك کەمترە. ئەوانەشی کەژمارەی دانیشتوانیان لەژێر 5 ملیۆنەوەیە ژمارەیان زۆرترە. تەنانەت دەوڵەتی وا هەن کەژمارەی دانیشتوانی 50 هەزارو بگرە لە50 هەزاریش کەمترە. ئەمانە پانیی ولاتەکانیان زۆر کەمە لەکاتێکدا کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەك نمونە ژمارەی دانیشتوانی 35-40 ملیۆنەو پانیی ولاتەکەی 500 کیلۆمەتری دوجایە، کەچی خاوەنی هیچ پێگەیەك( ستاتو-Statu) نییە. ئەگەر پرسیاری ژمارەی دانیشتوان لەهەر کوردێك بکەیت، دەڵێ لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا 40 ملیۆن کورد هەیە، بەڵام کەسان و گروپەکانی کوردی کە بەزمانی خۆیان قسە ناکەن ناگەنە ئاستی هەڵسەنگاندنی راستیی رەوشی کورد لەجیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی دراوسێیاندا، لەم روانگەیەوە کاتێك مرۆڤ کورد بەراورد دەکات لەگەڵ فەلەستینی و چاچانەکان لەمەسەلەی ئاخاوتن بەزمانی دایك ئەوە ئەنجامی سەرنجڕاکێشی دەست دەکەوێت.

لۆکسمبۆرگ دەوڵەتێکە کەژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 400 هەزارە. یەکێکە لە25 ئەندامەکەی یەکێتی ئەوروپا. ئەمرۆژانەش سەرۆکی خولی ئێستای یەکێتیی ئەوروپایە، یەکێکە لەئەندامە هەرە کۆنەکانی یەکێتی ئەوروپا.

یەکێتی ئەوروپا بەپێی بڕیارێکی خۆی"لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا"و"دژی گۆڕانکاری کردنە لەسنورەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا."

کاتێك یەکێتی ئەوروپا باس لەپێدانی هەندێك ماف بەکوردەکان دەکات لەچوارچێوەی دەوڵەتەکانی کەتیایدا دەژین، ئەوە گوزارشت لەبڕیاری سنوردارکردنی خۆیان دەکەن. ئەمەش دەتوانرێ بەگەمارۆدانێکی ئایندەی ئەم مەسەلەیە دابنرێت. وەکو نمونەیەك ئیمزای لۆکسمبۆرگیش لەسەر ئەم جۆرە بڕیارانە هەیە. ئایا ئەمە بەو مانایە نایەت کە لۆکسمبۆرگێکی 400 هەزارکەسی، پاشەرۆژی نزیکەی 40 ملیۆن کورد دیاری دەکات؟ ئایا پێویست نییە ئەم هەڵوێستە(خونچە گولێك) لەمێشکی کورددا دروست بکات؟ وەکو دەبینرێ سیستەمی نێودەوڵەتی لەدژی کورد دامەزراوە. ئەم قۆناغە دەبێ بەشێوەیەکی زانستیانە بگیرێتە دەست و شیبکرێتەوە.

دوای شەڕی یەکەمی جیهان لەکۆنفرانسی ئاشتیی جیهاندا باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەتاوانی جینۆسایدی ئەرمەن کرا، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی عوسمانی و(ئیتحادیەکان) بابەتی لێپێچینەوە بون. کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس(ئیتحادیەکان)ی تاوانبار دەکرد بەو جینۆسایدەی بەرامبەر بەئەرمەنیەکان کرابوو. (ئیتحادیەکان) لەو تاوانەی کەبەرامبەر بەئەرمەنیەکانیان کرد، زۆر کوردیان وەکو دەست بەپەلاپیتکەچی بەکارهێنا بوو. ئەمەش بیروبۆچون و هەستی نیگەتیڤی لەروانگەی رۆژئاواییەکان بەرامبەر بەکورد دروست کرد. هەڵبەت بمانەوێ و نەمانەوێ بەکارهێنانی کورد وەکو پەلاپیتکەچی لەجینۆسایدی ئەرمەنەکاندا شتێکی باش نەبوو. بەڵام راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کەبەرنامەی(ئیتحادیەکان) هەوڵدان بوو بۆ بەکارهێنانی هەموو کەس. لەساڵانی دواتریشدا دەزانرێ کەدوای ئەوەی کێشەی ئەرمەن چارەسەر کراو نفوسیان نەما کوردەکانیش دووچاری هەمان فشار بونەوە. لەو ساڵانەدا کوردەکانی کە ئەرمەنیەکانیان لەناوبردو تاڵان کرد، ئەوانیش دوچاری قەتل و عام و سەرنگوم کردن بووبوون. لەلایەکی دیکە باس لەوە دەکرێ کەژمارەی کوردە سەرنگومکراوەکان لەساڵانی شەڕدا نزیکەی 700 هەزار کەسە. بەڵام کۆچبەرکردنی ئەرمەنیەکان و سەرنگومکردنی کوردەکان لەرەوش و ناوەڕۆکدا زۆر جیاوازن لەیەکتر.

بەهەرحاڵ هی کوردەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:"روسەکان دێن، لەهەرێمەکەی خۆتاندا مەمێنن و بڕۆن، ئەگینا روسەکان دەتانکوژن و لەشمشێرتان دەدەن..." لەژێر ئەم پەردەیەدا سیاسەتێکی سەرگومکردنی کەوەکو(یاسا)یان لێ کردبوو بەڕێوە دەبرد.

ئاخاوتنی"دەوڵەتی سەربەخۆو فدراسیۆنمان ناوێ، سنورەکان بەخۆیان نامێنن""ئەمانە بۆ کورد باش و گونجاو نییە" دروشمی کەلتورو سیستەمی سەردەستی تورکەکە لەبەرامبەر کوردو هوشیار بونیدا بەرزی کردۆتەوە.